# (فەتاح بەگ ..سەنگاوی..نەگبەتی یەکێتی)!

-نامەیەك بۆ ئەوەی مام جەلال بیخوێنێتەوە-

ئازا کەرکوکی

کەس نکوڵی لە مێژووی پڕ سەروەری و قوربانی (یەکێتی) ناکات،کەم کەسی بێلایەنیش هەیە بەتایبەت روناکبیران ئەمی لە پارتی لا نوێترو باشتر نەبێت.بەلاّم ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ کە یەکێتی ئەمڕۆ لە هەموو کات پیرترو شپرزەترو خراپترە و وەکو کەشتیەکی کون تێ کەوتووی بێ کەشتیەوان بەرەو کەناری فەنابوون وهەڵوەشان مل ئەنێت. .شۆڕشگێڕی تیایداگۆڕاوە بە عەشیرەت وتەکەتولگێڕی بێ بنەماو دوور لە کوردایەتی وحیزبایەتی وەکو سۆشیالعەشایەر کار ئەکاو جاشی باش وباشی جاش ..کەسێ ئەیەوێت خزمەتی یەکێتی وکورد بکات دژایەتی ئەکەن ودووری ئەخەنەوە لە ساحەکە وبەپێچەوانەوە..د.بەرهەم یادگاری هەڵەبجە دروست ئەکات وعومەر فەتاح بەسوتاندنی ئەدا..محمود سەنگاوی سەنگی کتێبەکەی باسی قارەمانی خۆی وجاش کوژی و راوی خیانەتکاران ئەکات ولە پێشمەرگایەتیدا پێی هەڵکەوتووە،کەچی ئێستا بێ شەرمانە قۆڵ ئەکات بە قۆڵی ئەنفالچی ترین سەرەجاشی بەعسداو بەناوی جافایەتی یەوە گورە مستەشارێکی وەك (فەتاح بەگ) دەخاتە پێش خۆی وماڵە شەهیدەکانی دەگێڕێ کە هاوشانی (شێخ جەعفەر بەرزنجی وابراهیم زەنگەنە ) وخەڵکانی تریش تا ڕووخانی دیکتاتۆر صدام حسین کۆڵیان لە کاسەلێسی وجاشایەتی وکوردکوژی نەدا،هەر ئەویش بوو کە گەرمیانیەکانی ئەنفال ئەکرد بە جاف وغەیرە جافەوەو دوای ئەوەش کاك مەحمود وبرادەرەکانی لە ترسی سیخورو پیاوەکانی ئەو لە پارتیزانیدا کونیان بە خۆیان نەئەگرت.

فەتاح بەدێك کە اجتساسی بەعس ئەیگرێتەوە لە جیاتی ئەوەی لە یادی ئەنفالدا پەت بکرێ ولە ئۆرگای رزگاری وشۆرش مەحکەمە بکرێت وتۆڵەی جافە بێکەسە ئەنفالەکانی لێ بکرێتەوەو بەسزای گەل بگەیەنرێ کەچی بە بەر چاوی پڕ فرمێسکی قوربانیەکانەوە سەرکردایەتی (یەکێتی) ڕێزی لێ ئەنێ!

ئەگێڕنەوە ئەو کاتەی لە سەرەتای راپەڕیندا 1991 کاك مەسعود بارزانی بە یاوەری وەفدێکی بالاّ کە چەند مستەشارێکیشی تێدا ئەبێ سەردانی کەلار ئەکات وئەچێتە ماڵی (مستەفا بەگ)، وەکو هەمیشە قسە لە ڕوو ونوکتەچی چاوێك بە مجلیسەکەدا ئەگێڕێ وئەڵێ( کاك مەسعود خۆ مجلیسەکە هەر- فەتەی برامی نوقسانە)!

لە ناو یەکێتی دا وای لێ هاتووە ئێستا صدام حسین گەر بەر عەفویەك بکەوتایەو بەردرایە وببووایەتە یەکێتی و لە کوتلەی دژی ئیمزا بووایە ئەوا بە دڵنیاییەوە لە نەوشیروان مستەفا ی سەرکردەی بوێروپیرەشۆڕشگێڕی شاروشاخ لە پێشتر ئەبوو.

نازانرێ تا چەندە مام جەلال ئاگای لە دابەشکردنی سەیارەو پارەو خانوو ونەجمەوکرِینی وەلائات و ئیمتیازاتە بێ معناکانی ترە کە باوی ئەوەوە بازاڕی گەرمەو ئەندامی خواری خوارەوەیش پێ ئەزانێ.بەلاّم سەیرەکە لەوەدایە لە بەغداد کەسێك بەو گەورەیی وپڕحیکمەتە بیەوێ سەرۆکی سونەو شێعەو کوردو هەموو عێراقی پڕلە کێشەو بێشە بێت و ئیسپاتیشی کردبێت کە ئەتوانێ براگەورەیی نەك هەر عێراق جیهانیش بکات کەچی لەناو حیزبەکەی خۆیدا کە دامەزرێنەرو سکرتێرو داینەمۆیەتی ئەوەندە سووك بکرێت بە تەکەتولی باڵێکی زەعیفی ناو ببەن!

ئەگەر بڕیارە مام جەلال بە هۆی سەرقاڵی بە راستکردنەوەی باری خواری عێراقەوە سەرقاڵەوناتوانێ کاتی خۆی بۆ چاککردنی یەکێتی تەرخان بکات،با یەکێتیەکان چی تر چاوەڕووان نەکەن هەموو دڵسۆزەکانی یەکبگرن ودژی گەندەڵی حیزبایەتی وکلکایەتی ومولکایەتی وعەشیرەتایەتی بێنە مەیدان و خۆیان ڕێکبخەنەوەو ماڵی شووشەیی درزو دز تێکەوتووی خۆیان چاکبکەنەوەو سنوور بۆ ئەو هەموو ناوەندی بڕیاروکێش مەکێشە ناشەریفە دابنێن وپرۆژەی لەت وپەت کردنی یەکێتی پەك بخەن وپارەی یەکێتی نەدرێتە چەقۆ بۆ لەتکردنی یەکێتی.مام جەلال تەنها لە لایەکەوە نەبیستێ و دڵنیا بکرێ کە ئەوانەی ئیمزایان نەکردووە یان پەشیمانکراونەتەوە بەپوول قەت لەزۆربەی ئەوانە دڵسۆزتر نین کە راشکاو بوون لەگەڵ سکرتێری خۆیاندا وخەمی یەکێتی یان وای لێ کردوون بڵێن تۆ وەرە سکرتێری هەموو یەکێتی بە نەك لە تێکی و دەسەلاّت دابەش بکە!

هەڵەبجە وانەیەکە گەر یەکێتی فریای خۆی نەکەوێ بەرلەوەی جڵەوی حوکم بەپێی ڕێککەوتن وئارەزوو مەندانە تەسلیمی حکومەتی پارتی بکات ناچار ئەبێت کە لە سەر دەستی لەرزۆکی کاك عومەر کە نەیتوانی عومەری خاوەرەکان بپارێزێ ودڵیان ڕابگرێ وهێشتا رق وتوورەیی عومەرەکانی ئەنفالیش بەرێوەبێت کە لەوان زۆر پڕترن وهیچیان بۆ نەکراوە،ئەوا پارتی بەو هەموو گەندەڵیەیە داپۆشراوەیەوە ئەبێتە ئەمری واقیع و قوربانی دەرانی یەکێتی یش دەبن بە قوربانی بێ سەروبەری سەرکردایەتی!